وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين ـ اربيل
كليـــة الإدارة و الإقتصاد

# بابەت/ پەیوەندیە ئابوریە نێو دەوڵەتیەکان

# المادة/ علاقات الاقتصادية الدولية

# International Economic Relations

مظفر حمد مصطفى

ماجستير في علوم الاقتصادية / جامعة صلاح الدين

mudhafar.mustafa@su.edu.krd

# سێیەم: بنچینەی پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان:

- لە ڕووی بنەماوە بنچینەی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی، یان ئاڵوگۆڕی دەرەکییدا جیاوازی لەگەڵ بنچینەی ئاڵوگۆڕی ناوخۆدا نییە، یان ئاڵوگۆڕی نێوان ناوچەکانی یەك دەوڵەت، لە هەردوو دۆخدا، هۆکاری ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی و ناوخۆ بریتییە لە تایبەتمەندی ( SPECIALIZATION).

# ئەگەر بێتو هۆکاری ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی بریتی بێت لە تایبەتمەندی نێودەوڵەتی، ئەوە هۆکاری تایبەتمەندی چییە؟

- هۆکارە سروشتییەکان:
- وڵاتان لە ڕووی ژینگەی سروشتییەوە (ئاووهەوا، خاك) جیاوازن، هەروەها لە سامانی سروشتی، وەك زەوی کشتوکاڵی و کانزاکان جیاوازن.
- 2. هۆکارە ژێر دەستەکان:
- کە کرێکاری کارامە و سەرمایەی بەرهەمداری بۆ وڵات دەستەبەر دەکات، دیارە وڵاتان لە خاوەنداریەتی ئەو هۆکارانە جیاوازن

# چوارەم: گرنگی بازرگانی نێودەوڵەتی:

• بازرگانی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی ئابووریدا دەبینێت. بازرگانی جیهانیش بریتییە لە کۆمەڵێکی گەورە لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، و ژمارەیەکی کەمیش لە وڵاتانی جیهان دەستیان بەسەر بەشێکی گەورە لە بازرگانی جیهانییدا گرتووە، لەوانە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین دێت.

# پێنجەم: قۆناغەکانی پەرەسەندنی پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان

پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بەم قۆناغانەی خوارەوە تێپەڕیوە:

1. **قۆناغی سەردەمی ئابووری کۆن:** ئەم قۆناغە لە سەدەکانی پێش زایین دەستی پێ کردووە، و بۆماوەی(10) سەدە بەردەوام بووە، لەم قۆناغەدا پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان زۆر لاواز بووە، و سیستەمێکی داخراو و گۆڕینەوەی شت بە شت لەئارادا بووە، زۆر بە کەمی پارە بەکارهێنراوە، و زۆربەی ئەو کاڵایانەی کە دەهاتە ناو بازرگانی دەرەکی، بریتی بوو لەکاڵا پێویستەکان.

2- **قۆناغی سەردەمی دەرەبەگایەتی:** سەردەمی دەرەبەگایەتی لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست دەستی پێکردووە، و بەردەوام بوو تا سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداری، لەم قۆناغەدا پەیوەندییە بازرگانییەکان سیاسەتەکەی دانەڕێژرا بوو(سیاسەتێکی دارێژراو نەبوو)، بەڵکو بەگوێرەی پێویستی دەرەبەگەکان بوو، سیستەمێکی خۆبژێوی لەئارادابوو.بە جۆرێك لەم قۆناغەدا ئالوگۆڕە بازرگانییەکان بەرتەسك بوون، بەهۆی:

ا- دواکەوتنی ڕێگەوبانی دەریایی و وشکانی.

ب- دواکەوتوویی هۆیەکانی گواستنەوە.

ج- نەبوونی ئاسایش.

د- کەمی بەکارهێنانی پارە.

ه- زۆری ئەو باجانەی کە دەسەپێندرا بە سەر کاڵاکان، لە ئەنجامی چاو برسیەتی دەرەبەگەکانەوە بوو.

3- **قۆناغی سەرمایەداری:** ئەم قۆناغە لە سەرەتای سەدەی پازدەهەم دەستی پێ کرد. هەر لەم قۆناغە پەیوەندییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان بەرفراوان بوون، هۆی ئەم بەرفراوانیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- دۆزینەوە جوگرافییەکان: وەك دۆزینەوەی ڕێگەی نویٚ بەرەو ڕۆژهەلاٚت، دوای ئەویش بەرەو ڕۆژئاوا. واتا دروست بوونی پەیوەندی لەنێوان ئەوروپا و ئاسیا و ئەمەریکا و ئەفریقیا. بەئامانجی گواستنەوەی سامان و دارایی و کەسەکان.

ب- پەرەسەندنی گواستنەوەی دەریایی: لەنێوان کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەمەریکا و هەتا ئەفریقیاشی گرتەوە.

ج- پەیدابوونی بازاڕ و دامەزراوە داراییەکان: وەك دامەزراندنی بەنکی بەرشلۆنە لە سەدەی پازدەهەم، و بەنکی ئەمستردام لەساڵی 1609، و بەنکی لەندەن 1694، و بەنکی پاریس لەساڵی1800 و دروست کردنی یەکەم بۆرسە لە جیهان لە شاری ئەنڤێرسی بەلجیکا لەساڵی 1576.